

# هەڤالێکێ لە دارستانەوە




ئاژەڵکی شیردەرە زۆر بە ورچ دەچێت بەلام ورچ نییە. کوالا وەکو کەنغەر تورەگەیەکی چەرمینیی بەبەر سکیەوەیە بێچووەکانی تێدا هەڵدەگرێت.

شتی سەیر لای ئەم ئاژەڵە ئەوەیە، کە قەت ئاو ناخواتەوە خواردنیشی تەنیا گەلای درەختی یوکالیبتۆسە.

کوالا ئاژەڵێکی پاکە و هیچ مێش و مەگەزێک لێی نزیک ناکەوێتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تیژی گەلای یوکالیبتۆس.

کوالا بەدرێژایی ڕۆژ دەخەوێت و بەدرێژایی شەو بەخەبەرە و هەموو ژیانیشی لەسەر پۆپەی داران بەسەر دەبات و، کەم ڕێ دەکەوێت لە دار بێتە خوارەوە. کوالا لە خێزانێکدا دەژیت کە لە نێرێک و چەند مێیەک و بێچووەکانیان پێکهاتووە.

کوالا تەنیا یەک بێچووی دەبێت و بۆ ماوەی ساڵێک ئەو بێچووە لەسەر پشتی خۆی دەگێڕێت و بەخێوی دەکات .

کوالا تەنیا لە ئوسترالیا و لەناو دارستانەکانی یوکالیبتۆسدا دەژیت.

